# دەواری قەرەج و هونەری گەیشتن بە ئامانجەکان

## بەختەوەر بە تەنها ئەو ڕۆحەیە، کە خۆشەویستیی دەکات.

Johann wolfgang von Goethe

20.05.04 پۆلا سەعید

ئەوی مانای خۆشەویستیی نەزانێت، ڕێز لە خودی خۆی و لە ژییان و کۆمەڵگاش ناگرێت. ئەوە خۆشەویستییە فێرمان دەکات میهرەبان و دڵفراوان بین. ئەوە خۆشەویستییە فێری لێبووردنمان دەکات. ئەوەش خۆشەویستیی خاکە وەک پەروانە بە دەوری مۆمی ئازادیی‌یەوە فێرە هەڵپروسکانمان دەکات. ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی 1991 بۆ یەکەمینجار زاراوەیەکی تازەی لەگەڵ خۆیدا هێنایە نێو زمانی کوردیی‌یەوە، کە ئەویش "فەرهود" بوو. لە سەردەمی ڕاپەڕیین دا لە ناوکۆمەڵگای کوردیی دا، خەڵکانێک هەبوون هەلپەرست و بەرژەوەندچیی و تاسەلێس بوون. ئەمان کاریان بەتەنها تالانیی بوو، لەژێر ئالای ڕاپەڕیین دا ئەمانە چەکداربوون بۆ فەرهود، چەندینەیان پرۆفیی بوون لەم پیشەیەدا، چونکە پێشتر ئەزموونیان لە ڕاگوێزانی گوندەکانی کوردستان دا پەیداکردبوو. دیدی ئەم خەڵکانە کە بە خێڵی فەرهود ناسرابوون، تەنها هەتا بەرپێی خۆیان بڕی دەکرد، گرنگ ئەوە بوو ئەوان مشتێ پارە بێتە دەستیانەوە ئیدی چۆن و لە کوێوە گرنگ نییە. هەر ئەم بۆچوونانەش بوو وەهای کرد، کە هەرچی ئامێری کارەباییی و ئەلەکترۆنییی و ماتریاڵی وەک "مس و فافۆن و زەرد هەیە لە وڵات دا قرۆقات بکرێن و بیکەن بە سنوورەکانی ئێران دا بۆ تاڵانفرۆشتن. ماشێنەکانی وەک گەڵابە و شۆفل و پاکژکەرەوەی شەقامەکانی شار و ماشێنەکانی شارەوانیی و ماشێنی چاڵهەڵکەن ئەمانە هەموو کرابوون بە قوربانی تمەن و دینار، ئیدی کوردستان پۆخڵ دەبێت کاول دەبێت یان نابێت قیر بە قەرەس. ئەمانە کەی کێشەی خەڵکانی هەلپەرستە؟ قەیرانی ئابووریی و شەڕی دەستەوئێخەی لایەنە کوردییەکان بوونە هۆکارێک کە خەڵکانی هەلپەرست زیاتر سوود لەم گێژاوە وەربگرن و ئەسپی خۆیانی تێدا تاوبدەن. ئێستا دوای دەیان ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەم هونەرە هەلپەرستیی‌یەدا، ئەو مرۆڤانەی کە خولیا تێکدەر و بەرژەوەندچێتیی‌یەکانیان لە کوردستانەوە لەگەڵ خۆیان هێنایە ئەورووپاوە، بە هەمان یاسا و ڕێسای جارانەوە لەژێر ناوی

## گەڕانەوە بۆ باوەشی خاک

دا دەواری قەرەجێتیی خۆیان لە ئەورووپا دەپێچنەوە و دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان. کە کوردستانیان بەجێهێشت ئەوان دوای هەوری دۆلار کەوتبوون، چۆن پەیدای دەکەیت گرنگ نییە، گرنگ بەرزکردنەوەی قاتەکانی خانووە زل و زەبەلاحە مەرمەڕکراوەکانە لە کوردستان دا. هەر لە ڕوانگەی ئەم پەنجەرە تەڵخ و لیخنانەشەوەیە کە خەڵکانی وڵات هەر بە هەمان بینایی تەماشای ئەندامانی

کوردەکانی تری ئەوروپا دەکەن. فلان کەس لە دوای تۆوە چوو بۆ ئەوروپا ئێستا ئەو ڕیزە دوکانەی فلان شوێن هی ئەوە. فلان کەس لە دوای تۆوە چوو بۆ ئەوروپا ئێستا ئەو ڕیزە خانووەی فلان گەڕەک هی ئەوە. فلان کارگە، فلان نووسینگەی تیلێفۆنات، فلان چێشتخانە هتد. میکاڤیلیەت کۆمەڵ سەقەت دەکات " بگە بە ئامانجەکانت بە هەر شێوەیەک بێت". ڕۆسۆ ئاماژە بە خولیا پێویست و ناپێویستەکان دەدات و باس لە ڕێگەگرتن لە کارتێکردنی خولیاکان دەکات کە نابێت خولیای مرۆڤێک لەلایەن مرۆڤێکی ترەوە قەدەغە بکرێت، چونکە ئەم ڕەوشتە دژ بە بنەماکانی دیموکراسییە. دیارە مرۆڤ هەتا ئەو کاتە ئازادە کە دەچێتە سنووری ئازادیی مرۆڤێکی ترەوە. من نامەوێت دەستبخەمە نێو سنووری ئازادیی هیچ مرۆڤێکەوە، بەڵام ئایا چ ئازادییەک بە ڕەوای هەقی دەزانێت لەژێر ئاڵای نەتەوەیی بوون و کوردایەتیی دا کاری دزێو و ناڕەوا بکەیت؟ مرۆڤێکی کورد لە شاری "ستۆکهۆڵم" ڕێژەی "500،000" کرۆنی سوێدیی لە بانک بە قەرز وەردەگرێت و بۆ هەتاهەتایی دەڕواتەوە بۆ کوردستان. لە کوردستان دەبێتە پاڵەوان و دەبێتە سیمبولی مرۆڤێکی نەتەوەیی و کوردپەروەر. بێگوومان پێدەچێت ڕیزە دووکانێک یان ڕیزە خانوویەکی شۆخ بۆ سەرەتای سلاوکردنی لە بۆنی خاک بکرێت بە پارەی دزیی. دیارە ئەم نەخۆشییە کووشندەیە کۆمەڵگای کوردی لە سەرتاسەری ئەوروپادا گرتۆتەوە. ئەم سوپەر مرۆڤانە لە پێناوی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیاندا تیلەیان بۆ دوارۆژ تەنها هەتا بەرپێی خۆیان بڕ دەکات. بیر لەوە ناکەنەوە کە دوای خۆیان شوناسنامەی نەتەوەیەک لیخن دەکەن. کۆمەڵگای نەتەوە ئاوارەکەی خۆیان لە هەندەراندا هەموو کات بە جێگە قووتکردنەوەی نیشانەکانی پرسیار و سەرسووڕمان دەکەن. ئێوە کوردایەتیی و خۆشەویستیی خاک بە هەرزان بە دانیشتوانی کورد لە ناوەوەی وڵات دەفرۆشن، بۆیە "با"ی دینار و دۆلار هەر ساتە نا ساتێک لە شوێنێک دەواری قەرەجێتییتان پێ هەڵدەدات. ئێوە ناوی ئەو خۆشەویستانەش تەماویی دەکەن، کە بە پاکیی و بە دڵسۆزیی و بە گیرفانی بەتاڵەوە ملی ڕێگای گەڕانەوەی وڵاتیان گرتۆتەبەر. تکام لە هەموو کوردێکی بەئەمەگ ئەوەیە، کە ئەگەر نیازی گەڕانەوەیان بۆ وڵات هەیە بە پاکیی بگەڕێنەوە و هیچ نەبێت پەرۆیەک لە جولەکەکان دابدرن، ئێوە دەڕۆنەوە بۆ سەما و ئاهەنگی ژیانی خۆتان نارۆنەوە بگرە خۆشەویستیی خاک و نیشتیمان بانگتان دەکات دەبێت بە دڵ و بە گیان بیپارێزن و پشتگیریی بکەن. ئێوە کە ئیمڕۆ دوای دەیان ساڵ ژییانی پەنابەریی لە هەندەراندا بەقاتان بۆ ساباتی وڵاتانی ئەوروپا نەبێت باوەڕبکەن بۆ کوردستانیشتان نابێت. لە هەموو چرکەساتێکی ناهەمواردا دیسانەوە فەوجەکانی جاشی سووکەڵە و لەشکری قاتوقڕی کورد و ئەنفال پێکدەهێنن. ئەم هونەری گەیشتن بە ئامانجانەی چەند کەسانێک ئیمڕۆ لە هەندەراندا هەڵیانبژاردووە ڕێگایەکی دزێو و ناڵەبارە و دژ بە بنەماکانی ئازادیی و دیموکراسییە. دڵنیابن بەم هونەرە کەستان نابن بە سوپەرمان. بۆیە ناچار پەنا بۆ "گۆران"ی نەمر دەبەم کە دەڵێ:

**بنوو لە قەبرەکەتا موستەریح بە ئەی سالم،**

**لە تۆ کــوردتــرە ئێستا نەزان هەتــا عالم!**

www.kurdistannet.org